# بەڵێننامەی ئابڕوی (شەرەفی) ڕۆژنامەگەری کوردستانی

The Kurdistan charter honour Press

هیشام ئاکرەیی
akreyii@gmail.com

**پێشەکیی:**

لەبەر بەرفراون بوونی ڕوبەری گەیاندن و پێداچوونەوەی هەواڵەکان، زانیاریەکان و ڕێمنایەکان لە ڕاگەیاندنی جیهانی، نیشتیمانی و ناوچەییدا، و لەبەر پێویستیەکان، ئەرکەکان و بەرپرسیاریەتی (ڕۆژنامەگەری نوێ)، پێویستە بنەما و یاسا بۆ ڕۆژنامەگەری کوردستانیش دابنرێت، گرنگە مافەکان و ئەرکەکانی ئەو ڕۆژنامەگەریە دەستنیشان بکرێت، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوانان بتوانن کاری ڕۆژنامەگەری خۆیان بە گوێرەی ئەو بنەمایانە ڕێکبخەن .
لەوانەیە لەبەر بارودووخی تایبەتی کوردستان، باسکردن لەسەر بەڵێننامەی ئابڕوی (میثاق شەرەف) ڕۆژنامەگەری کوردستانی کارێکی ئاسان نەبێت، ، بەڵام ئەوەش نابێت ببێتە بیانۆیەک بۆ سەپاندنی (سانسۆر) لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردستانی و پێشێلکردنی ئازادی ڕۆژنامەگەری، یان کار بەشێوەیەکی گەڕەلاوژێ بێ ڕێکخستن (ئەنەرکشیستانە) بکرێت و سووکایەتی بە ئنتگرێتی(خودی کەسایەتی) و مافەکانی تاکەکان بکرێت، یان بیروباوەڕی نەژادپەرستانە لە ڕاگەیاندندا زاڵبن .

ڕۆژنامەوانانی کوردستان وەک ڕۆژنامەوانانی نەتەوەکان وڵاتەکانی تر، چاوی کۆمەڵگەن لە سەر خودی کۆمەڵگە و حکومەت و دەزگا پێوەندیدارەکانی. ڕۆژنامەوانان لە کارەکانیاندا بەرگری لە ئازادی دەکەن و بانگەشەی دیموکراسی و پێشکەوتن دەکەن، هەوڵ دەدەن گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی سیڤیل و هاوچەرخ لەنێو دەزگای فەرمی و نافەرمیەکاندا دروست بکەن. هەروەها بانگەشەی چاکسازی نیشتیمانی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی دەکەن. پێویستە ڕۆژنامەوانانی کوردستان لە ناوەرۆکدا دەربڕی مافەکانی گەلی کوردستان بن لە هەموو پارچەکانیدا لە پێناوی ئازادی، سەربەخۆیی، سەروەریی و پیادەکردنی دیموکراتیەکی زیندو، کە مافی ڕۆژنامەگەری کوردستانی بە هەموو بەشەکانییەوە بۆ ئازادی بێ گوشار وبێ چاودێری ئاسایشی دەسەڵاتدارانی ڕەسمی ئەو وڵاتانە کارەکانیان دەرپەڕێنن، تەنیا ئەو یاسایانە نەبن کە پەیوەندیان بە ڕێساکانی بڵاوکردنەوە و کاری بەویژدان و بابەتیانەوە هەیە..

ئەم بەڵێننامەیە هەوڵێکی نووسەرە بۆ وروژاندنی ئەم بابەتە و دەوڵەمەندکردنی ئەم کەرەستەیەی کە لەو گۆڕەپانەدا هەیە. دیارە کە ئەم هەوڵە بێ کەموکوڕی نییە و پێویستی بە ڕەخنە و دەوڵەمەندکردنی هەیە. ئەمە تەنیا چەند هێڵی گشتین و ستروکتۆرێکە کە پێویستی بە بەهێزکردن هەیە لە ژێر چاودێری یاساییدا لە زۆربەی خاڵەکانیدا.

بۆ دانانی ئەم بەڵێننامەیە سوود لە بەڵێننامەی نیونەتەوەیی، سویدی، بریتانی، میسری و ئوردنی

وەرگیراوە

**پێناسەی ڕۆژنامەنووس:**
ڕۆژنامەنووس ئەو کەسەیە کە ڕۆژنامەگەری ( بینراو، خوێندرا و یان بیستراو) وەک کارێکی فەرمی یان پتری وەرگرتووە. زانیاری و زانینێکی ئەکادیمی هەیە و ئاشنای یاساکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەوانییە، کە لە ئەنجامی خوێندنێکی زانستی فەرمی یان کەسایەتی بەدەستخستووە و پابەندە بە یاساکانی بڵاوکردنەوە و بە بەڵێننامەی شانازی ( میثاق شەرەف) ڕۆژنامەگەری جیهانی، نیودەوڵەتی و نیشتیمانی.

**بنەما گشتیەکان:**

1- مافی ئازادی کار و ڕادەربڕین مافێکی سروشتی هەر گەلێک و تاکێکە لە گشت یاساو و داب و نەریتە جیهانیەکاندا. بەکارهێنانی ئەو مافە بە شێوازی دیموکراسی لە پێناو جێگیربوونی بەرابەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی و مافی هەموو گەلان و کەسانە و بە بێ جیاوازی بە کاردەهێنرێت.

2- نابێ کاری ڕۆژنامەوانی و ئازادی ڕۆژنامەوانی و ڕادەربڕین تەنیا لە لایەن بەشێک لە کۆمەڵگە مۆنۆپۆڵ و زەوت بکربێت و لە بەشەکانی تر بێبەر بکرێت، چونکە مافی ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین هەمووان دەگرێتەوە.

3- لە ژێر سایەی دەوڵەتی یاسا و کاری دیموکراسی و جیهانگیریدا، هاوڵاتیان مافی خۆیانە کە بگەنە زانیاریەکان و پێیان ئاشنا بن. و ئەمە کرۆکی کاری ڕۆژنامەوانی و ئامانجەکانیەتی. لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە گەرەنتی گەیاندنی زانیاریەکان بۆ هاوڵاتیان بەشێوەیکی ئازاد ئەنجام بدرێت. دەبێت کارئاسانی زانیاریەکان بۆ ڕۆژنامەنووسان بکرێت کە بەبێ هیچ سانسۆرێک بتوانن بگەنە سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی هەواڵەکان. هەر بۆیەش گەیاندنی ڕاستیەکان بە جەماوەر یەکێکە لە کارە هەر سەرەکی و بنچینەیەکانی ڕۆژنامەوانان.

4- دەبێ پەنا بۆ دیالۆگ ببرێت لە نێوان بیروڕا جیاجیەکاندا. دەبێ لە زمانی توندوتیرژی و توقاندن دوورکەون، کە بەردی بناغەی دیموکراسین. بەڕێوەبردنی دیالۆک یەکێتە لە ئەرکە پیرۆزەکانی پەیامی ڕۆژنامەگەری. هەر بۆیەش پێویسە ڕۆژنامەگەری پابەندبێت بە ئەدەبی دانوستان و ڕێزگرتن لە ڕا و ڕای جیاواز لە سەر هەمان پرنسیپ و ڕوبەری بڵاوکردنەوە و ماف.

5- ژیانی کەسایەتی و تایبەتی هاوڵاتیان، مولکێکی کەسایەتی خۆیانە و دەبێت ڕێزی لێ بگێرێت. دەبێت ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤایەتی ئەوان بگیریت بە گوێرەی یاسا و بەڵێننامەکانی نێونەتەوەیی.

نابێت شتی کەسایەتی بە بێ خواست و یستی خاوەنەکانیان بڵاوبکرێتەوە .

ڕەخنە گرتن لە ژیانی ئەو کەسانەی لە کاری گشتی و حزبی سیاسیدا کاردەکەن، ڕەخنەگرتن لە هەڵسووکەوتی فەرمانبەرانی گشتیی یان ئەوانەی پۆستێکی نوێنەرایەتی گشتیان هەیە و ئەوانەی خزمەتێکی گشتی دەکەن، بوارێکی ڕۆژنامەگەرییە ئەگەر لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت.

6- مافەکانی موڵکایەتی هزری و یەکسانی، و مافەکانی ژنان و منداڵان و پەککەوتە و پیر، بەشێکی گشتی لە بیروباوەڕی کۆمەڵگەی دیموکراسی و هاوچەرخ پێکدەهێنن. بۆیە دەبێ ڕۆژنامەوانان لە کارەکانیاندا پابەندی ئەو مافانە بن.

7- کاری ڕۆژنامەوانی پڕە لە ڕودا و پاراستنی سەرچاوەی زانیاریەکان و هەواڵەکان. ئەو کارانەش پەپیی یاسا پارێزراون. بۆیە دەبێ ڕۆژنامەوان ئەو یاسایانە بزانێت و کاریان پێ بکات و دەبێ ئابڕوی( شەرەفی) کاری ڕۆژنامەوانی بپارێزێت و ئەوان ئەمانەتن لە ئەسۆتی هەر ڕۆژنامەوانێکدا.

**ئازادی ڕۆژنامەگەری بە گوێرەی ئەم بەڵێننامەیە، ئەوە دەگەیەنی:**

- مافی دەرچوونی ڕۆژنامە و بڵاوکردنەوەی بیستراو و بینراو، بۆ کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن.

- ڕەخساندنی بوار بۆ هاوڵاتیان کە بتوانن بیر و ڕاکانیان بڵاوبکەنەوە لە سەر بنەمای تۆلێرانس و بە گوێرەی چەند بنچینەیەکی ئاشکرا و دستنیشانکراو، کە تیایدا ڕێزبگیرێت لە رای جیاواز و پیرۆزیەکانی تاکی تیا پێشێل نەکرێت.

- مافی ڕۆژنامەوانان بە گەیشتن بە زانیاریەکان لە سەرچاوە جیاجیاکانیانەوە و شێکردنەوەیان و ئاڵوگۆڕکردنیان و بڵاوکردنەوەیان بە گوێرەی ئەو یاسایانەی کە لە لایەن گەلەو پەسەنکراون .

- مافی پاراستنی نهێنی ڕۆژنامەوانانە کە سەرچاوەی ئەو زانیاریانەی کە بڵاویان دەکەنەوە، یان نزیکیان دەکەنەوە، بیپارێزن.

- بوونی مافی ئازادی بیر و ڕا دەربڕینی بە بێ مەرج و ئاستەنگ، بێجگە ئەو شێوە نایاسایانەی کە ژیانی ماڵی یان ڕەوشتی بە کەسێک یان چەند کەسانێکی دیاریکراو دەگەێنیت یان ئەوەی بیروڕای نەژادپەرستی و دوژمنایەتی لە نێوان گەلاندا پەرە پێدەدات.

- قەدەغەکردنی چاودێری لە سەر ڕۆژنامەکان، هەروەها نابێت ڕۆژنامەکان بە شێوەیەکی ئیداری زەوتبکرێن بکرێن، دابخرێن یان تەگەرە بخرێتە ڕێگەیان و دوابخرین، بە بێ بڕیارێکی دادوەری و کۆتایی و بە گوێرەی یاسایەک کە لە لایەن گەلەوە پەسەندکراوە .

- هەر کەسێک بیەوێت ڕۆژنامەیەک یان هەر جۆرێکی تری ڕاگەیاندن دەربکات، کە پێویستی بە ڕەزامەندی هەیە، دەبێ لایەنی ئیداری پەیوەندیدار بە نووسراوێکی فەرمی ئاگادرابکاتەوە، و دەبێ

لایەنی دەسەڵاتداریش  لە نێوان 3 هەفتەدا لە کاتی گەیشتنی داخوازی نامەکە، وەڵامی ئاگادارنامەکە بداتەوە. ئەگەر وەڵام لەو ماوەیەدا  نەداریەوە ئەوە داوەتنامەکە  ئۆتماتیکی پەسەند دەکرێت.

**پابەندەکان**

1- دەبێ ڕۆژنامەوان پابەندبێت بەو شتانەی کە بڵاویان دەکاتەوە بە گوێرەی ئابڕوی ڕۆژنامەگەری. ڕاستگۆیی و خۆبەستنەوە  بە بیروباوەڕەکانی ڕۆژنامەگەری، بوێری، وێژدان، بەڵانس و سەربەخۆیی، بەبێ ئەوەی مافی هاوڵاتیەکی تر پێشێل بکات، یان هەوڵ بدات لە ئازادیە ڕەواکانی ئەو کەم بکاتەوە .

2- هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ڕاستی، بە ڕێگای لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بابەتیانە لەسەر بنەمایەکی واقعی و زانستی بە بەکارهێنانی بەڵگەنامەی ئاشکرا. لێ پێویستە ڕۆژنامەوان پشکنینی تەواو  بکات لە بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە زانیاریەکان و قسەکان و دەبێ بۆ سەرچاوەکانیان بگەڕێنتەوە بەگوێرەی یاساکان و نۆرمەکانی پیشەکە.
3- دوورکەوتن لە بانگەشەی ڕەگەزپەرستانە دژ بە گەلان،  ئاینەکان و مامەڵەکردن بە شێوەیەکی بابەتیانە لە گەڵ (هەمەڕەنگی) و ئەو جیاوازیانەی لە نێوان گۆمەڵگاکاندا هەن بە هەموو جنس، کولتوور  و بیروباوەڕاکانیانەوە.

4-  دەبێ ڕۆژنامەوان ڕێگای تەواو بگرێتە بەر بۆ گەیشتن بە زانیاریەکان، هەواڵەکان و بەڵگەنامەکان و دەبێ  ئەو زایناریانەی بڵاوکراونەتەوە ڕاست بکاتەوە ئەگەر تەواو نەبن.

5-  پاپەندبوون بە ئازادی بڵاوکردنەوە و ڕادەربڕین لە چواچێوەی یاسادا، بە شێوەیەک کە زانیاریەکان بگەنە جێگای مەبەست بە ئاسانی و گیانی خۆی لێبووردن کە دادوەرانە تیایدا مافە رەوکانی بڵاوکردنەوە بۆ ڕۆژنامەوانان و یژدانی کار بپارێزرێت، دیاربن.

6- نابێ ڕۆژنامەوان زانیاریەکان بە ئاگاوە لە هاوڵاتیان بشارێتەوە.  نابێ شێوەی هەڵبژاردنی هەواڵی گونجاو بە کاربهێنرێت لە کاری ڕۆژنامەوانیدا، کە وادەکات تەنیا بەشێک لە زانیاریەکان دەگەنە جەماوەر و ڕێگاگرتن لەو بەشەی کە لەگەڵ بیروباروڕای ڕۆژنامەواندا ناگونجێن، یان لە گەڵ ئەو لایەنەی کە ڕۆژنامەوان  بۆی کاردەکات.

7- دەبێ ڕۆژنامەوان پابەند بێت  بە مافی گەلان لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆنووسیندا کە دەرژێتە خانەی مافەکانی مرۆڤ و گەلاندا .

9- نابێت ڕۆژنامەگەری بە بێ بەڵگە بۆ دروستکردنی تاوانبارکردنی هاوڵاتیان بە کاربهێنرێت. و نابێ بۆ بۆ ناوزڕاندن و شکاندی ژیانی کەسان بەکار بهێنرێت یان لە پێناو مەبەست و بەرژەوەندی کەسایەتیدا بخرێتە گەڕ .

9- نابێت  ڕۆژنامەوان ئەو بابەتانە بڵاوبکاتەوە کە سەرپێچی لە پەیام و یاساکانی ڕۆژنامەگەری دەکەن و ڕاستیەکان پێشوێنرێن لە پێناو بەرژەوەندی کەسایەتیدا .

10- پابەندبوون بە یاساکانی بڵاوکردنە و مافەکانی سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری لە کاتی وەرگرتنیان.

11- ڕۆژنامەوان (ڕۆژنامەوانان) بەرپرسیارن بە شێوەیەکی کەسایەتی یان وەک گرۆپ (دەزگای ڕۆژنامەوانی) لە هەر لادانێکی یاسایی یان یاساکانی بڵاوکردنەوە، یان بەکارهێنانی کارەکەی و قەڵەمەکەی لە پێناو بەرژەوەندی کەسایەتی نادورستدا. لەسەر ئەو بنەمایە بەرپرسیاریەتی کەتنکاری لە تاوانەکانی بڵاوکردنەوەدا، بەرپرسیاریەتیەکی کەسایەتییە و بەرپرسیاریەتی سەرنوسەر بێتاوانە، تەنیا لە کاتی ئاشکرابوونی ڕەزامەندی ئەو لەسەر بڵاوکردنەوە و ئاشکرا نەبوونی ڕۆژنامەوانی بەرپرسیار لە بابەتەکە .

**مافەکان:**

1- بەگوێرەی یاسا و نورمەکانی نێونەتەوەیی ڕۆژنامەوانان، ژیانی ڕۆژنامەوان پارێزراوە و نابێت ئازار بە ڕۆژنامەوان بگەیەنرێت، لەبەر ڕای ئەو یان لەبەر بڵاوکردنەوەی زانیاریەک. بە گوێرەی یاسا نابێت ڕۆژنامەوان ناچاربکرێن لەسەر درکاندن و ئاشکراکردنی سەرچاوەی زانیاریەکان. هەروەها نابێت هەڕەشە لە ڕۆژنامەوان بکرێت یان ئیستفزار بکرێن بەهەر شێوەیەک، بۆ ئەوەی شتێک دژ بە ویژدانی پیشەکە یان لە پێناو بەدەست هێنانی ئامانجێکی تایبەت بۆ لایەنێک یان کەسانێک بکات .
2- مافی ڕۆژنامەوانە زانیاریەکان و هەواڵەکان لە سەرچاوە فەرمیەکان وەربگرێت و مافی وەڵامدانەوی هەیە لە کاتی داواکردنی زانیاری، ئامار و هەوالەکان کە لە لای دەزگاکانی فەرمی هەن. هەروەها مافی ڕۆژنامەوانە بە بەڵگەنامەکاندا بچێت، تەنیا ئەوانە نەبن کە بە یاسا نهێنین.

3- نابێ ڕێگا لەبەردەم کاری ڕۆژنامەوان بگیرێت، یان ڕێگایان پێنەدرێت بنووسن بە هۆی بیروڕا یان هۆی سیاسیی و نابێ لە بەر ئەو هۆیانەڕۆژنامەوان لە کار بگوێزریتەوە.

4- کۆبۆنەوە گشتیەکان و دانیشتنە کراوەکان بە شێوەیکی یاسایی، جێگای ئاسایی کاری ڕۆژنامەوانانن و نابێت قەدەغەبکرێن لە پێداچۆنەوەی ڕۆژنامەوانیی یان تەعەدا کردن و سنورداركردنی جمۆجۆڵی ڕۆژنانەوانان.
5- مافی پاراستنی ڕۆژنامەوان لە جێگای کاری پێویست بۆ ڕۆژنامەوان، تاوەکوو بتوانن بە کارەکەیان هەڵسن، وەک مەیدانەکانی جەنگ و لە کاتی ڕۆداوە سرۆشتیەکاندا.

6- ڕۆژنامەوانان ئازادن و هیچ دەسەڵاتیان لە سەر نییە تەنیا یاسا و ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی نەبێت.

7- هەر کەسێک یان لایەنێک مافی ڕۆژنامەوان لە گەیشتن بە زانیاری پێشێل بکات سزادەدرێت وەک ئەوەی هەڕەشە لە کەسانێک یان لایەنێک بکات بۆ ئەوەی زانیاری بە ڕۆژنامەوان نەدات.

8- مافی ڕەخنە و ڕادەربڕین بۆ ڕۆژنامەوانان هەیە، و تاوان نییە ئەگەر ڕۆژنامەوان بە خواستێکی پاک شتێک بڵاوبکاتەوە کە لێی دڵنیایە ڕاستە، لە دوای هۆشیاری و بابەتیانە کارکردن کە پێویستە لەم حالەتانەدا. پێویستە هەر کەسێک گومان دابنێتە سەر ڕاستی هەواڵێک پێچەوانەکەی

ئاشکرابکات و ڕۆژنامەنووسەکە ئاگادار بکاتەوە.

9- هەر بەڵگەنامە و کەرستەیەک لە بەردەستی ڕۆژنامەواندا هەیە و پەیوەندیان بە کاری ڕۆژنانەوانەوە هەیە، بەڵگەی تاوانباری لە هەر لێپرسینەوەیکی یاساییدا ناژمێردرێن و دەبێ لایەنە پەیوەندیدارەکان لیستێک بەناوی ئەو شتانەی دەستیان بەسەدارگرتووە بنووسن و ڕۆژنامەوان ئێمزای بکات. دەبێ هەمووان وەک خۆیان بە ڕۆژنامەوان بدرێنەوە .

**هەر سەرپێچیەک لەم بەڵێننامەیە لادانە لە ئابڕوی( شەرفی) کاری ڕۆژنامەوانی**